لە سایادی دامەزراندنی... سەرۆک کۆمار ستایشی قوربانیدانی سوپای عێراق دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی 105ـەمین سایادی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە پیرۆزبایی کرد، هاوکات جەختی لەسەر پێویستی پاپشتیکردنی دامەزراوەی سەربازی و بەهێزکردنی تواناکانی لە ڕووی پیشەیی و تەکنیکی و چەسپاندنی بیروباوەڕی نیشتمانیی سوپا کردەوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دەستووریەکەی لە پاراستنی عێراق و سەروەریەکەیدا بگونجێت.

سەرۆک کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەوە کۆتووە، ڕایگەیاند: "بەبۆنەی 105ـەمین سایادی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە، مژووی ئەم سوپایە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان بەرز دەنرخێنین، کە هەمیشە پشتیوانێکی ئەمینداری گەلی عێراق و قەڵغانێکی پتەوی نیشتمان بووە".

ئاماژەی بۆشکرد: "سوپای عێراق لەگەڵ تەواوی هێزە ئەمنییەکانی ترمان لە پۆلیس و حەشدی شەعبی و پێشمەرگە، قوربانیی گەورەیان لە پێناو بەرگری لە خاکی عێراق و کەرامەتی ڕەهاکانی پێشکێش کردووە، و داستانی قارەمانانەیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەویدا تۆمار کردووە، و بەشداربوون لە بەدیهێنانی سەرکەوتن و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری، و پابەندیی خۆیان بە ئەرکی نیشتمانی دووپات کردەوە".

لە درێژی قسەکانیدا وتی: "لەم بەنیادەمە ساوە بە هەزار قارەمانەکانی سوپاکەمان دەنێرین، و بە شکۆوە یادی شەهیدە نەمامەکانی عێراق دەکەینەوە کە گیانی خۆیان فیدای نیشتمان کرد، و پێزانینی زۆرمان بۆ خێزانە سەربەرزەکانیان هەیە"، هێرشەها دەستخۆشی لە هێزی بریندارانی هەموو ئەو کەسانە کرد کە تا ئێستاش لە سەنگەرەکانی شەرەفدا ماونەتەوە بۆ بەرگری لە ئاسایش و یەکپارچەیی عێراق.

جەختیشی لەسەر "پێویستی پاپشتیکردنی دامەزراوەی سەربازی و گەشەپێدانی تواناکانی لە هێزی پیشەیی و تەکنیکی، و چەسپاندنی دیسپلینی نیشتمانی کردەوە، بەو جۆرەی لەگەڵ هەڕەشەی دەستوورییەکەی بە پاراستنی عێراق و سەروەرییەکەی بگونجێت".